Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090407

# دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتو انی قەزای چەمچەماڵ

چراخان نصرالدین صالّح

بەشی نەوت و گاز// کۆلێژی کارگێری // زانکۆی چەرموو

جەزا تۆفیق تاڵب

بەشی جوگر افیا // سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان// زانکۆی سلێمانی

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

دابەشبوونی ژینگەیی، دانیشتوان، قەزای چەمچەماڵ.

## Corresponding Author

Jaza.talib@univsul.edu.iq

پوختە

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بابەتی جوگر افیای دانیشتوان, ئەم دابەشبوونەش پەیوەستە بەدیاردەکانی سەرڕووی زەوی,جوگر افیاناسان بایەخ بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دیاردەکانی سەرڕووی زەوی دەدەن,چونکە جیاوازی لە نێوان ژمارەی دانیشتوان ئەو ڕووبەرە زەوییەی لەسەری دەژێت هەیە,ئەم پەیوەندیەشی لەڕێگەی نەخشەوە بەدەرخستووە,لەبەرئەوەی لە ڕێگەی نەخشەوە وێنەو شێوازی دابەشبوونی دانیشتوان ڕوونتر بەدەردەکەوێت و ڕەنگدانەوەی کات و شوێن زیاتر بە دیاردەخرێت,کە ئەمەش کاردەکاتە سەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

قەزای چەمچەمال بەیەکیك لەو ناوچانە دادەنرێت کە گۆرانکاری ژینگەی زۆری تێدا ڕووی داوە چی لەسەرئاستی قەزا بێت یان لەسەرئاستی یەکە کارگێڕیەکان ئەم گۆرانکاریەش لە سالێکەوە بۆ سالێکی ترلە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترجیاوازە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لەدەرخستنی ئەو گۆرانکاریە زینگەیە ونیشاندانی گۆرانکاریەکان لە رێگەی نەخشەو وینەوە بەمەبەستی گەشتن بەدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە.

بەگشتی توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە داتا و زانیاریەکانی ئاماری سلێمانی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.

**پێشەکی:**

دابەشبوونی جوگرافیای دانیشتوان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە,لە هەندێ ناوچە دانیشتوان بەشێوەی کۆەبوو دەردەکەون و لەهەندێك ناوچەی تر بەشێوەی بڵاوبوو (منتشر) دەردەکەون,بەگشتی ئەمەش دیاردەیەکی روونە لە زۆربەی ناوچەکان بە دیاردەکەوێت,لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە بابەتە گرنگەکانە کە جوگرافیاناسان بایەخی پێدەدەن,ئەم جیاوازی دابەشبونەش هۆکارێکە بۆ لێکۆڵینەوە کە زانستی جوگرافیا لەنێوان زۆربەی کێشەکان بایەخی پێدەدات و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات,بوونی هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیش پەیوەستە بەو زەویەی کە لەسەری دەژێت رۆڵی جوگرافیا ئاشکرا کردنی ئەو چالاکیانەیە کە دەبێتە هۆی پەیوەست کردنی دانیشتوان و زەوی بەیەکەوە, ناوچەی لیکۆڵینەوەش وەك زۆرینەی ناوچەکانی تری جیهان رووبەرووی ئەم گۆڕانکاریە ژینگەیە بوەتەوە کە ئەمەش لە یەکەیەکی کارگێڕیەوە بۆ یەکەیەکی کارگێڕی تر و لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گۆڕانی بەرچاوەی بە خۆیەوە بینیوە چی لەسەر ئاستی قەزاکە بێت یان لەسەر ئاستی یەکەکارگێڕیەکان کە لە ماوەی لێکۆڵیەنەکەمان بە پوختی ئاماژەی پێ دەدەین.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە لایەنێکی گرنگی جوگرافیایی دانیشتوان بەدیاردەخات,ئەمە جگە لەبەدەرخستنی جیاوازی و گۆڕانی ژینگەیی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە لە شوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

بەدەرخستنی ئەو گۆڕانە ژینگەییە کە بەسەر ناوچەی تۆێژینەوەدا هاتووە لە ماوەی(1977-2009) چی لەسەر ئاستی قەزا بێت یان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

بەمەبەستی سود گەیاندنی زانستی بە لێکۆڵینەوەکە لێرەدا میتۆدی (شیکاری وبەراوردکاری)بەکارهاتووە,هەروەها لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو داتاوزانیاریانەی کە لە دامودەزگا حکومیەکان بەدەست کەوتوون و پاشان بەکارهێنانی هەریەك لەم داتاو زانیاریانە بەشێوەی خشتەو دواتر نواندنیان لەسەر نەخشە.

**گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:**

1-ئایا گۆڕانی ژینگەیی لە دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بەدەردەکەوێت؟

2-ئایا گۆڕانی ژینگەیی کاریگەری هەبووە لەسەر رێژەی دانیشتوان چی لەسەر ئاستی قەزا بێت یان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕیەکان؟

3-ئایا فاکتەری سروشتی و مرۆیی یان فاکتەری سیاسی کاریگەری زیاتریان لەسەر گۆڕانی ژینگەیی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە هەبووە؟

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:**

بۆگەشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە,لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بۆ پێشەکی و دوو تەوەر و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان,هەر تەوەرێکیش بۆ چەند باسێکی جیاوازدابەشکراوە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم:لایەنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە

بەشی دووەم:دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

باسی یەکەم:دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەرئاستی قەزا

یەکەم/دانیشتوانی شارنشین

دووەم/دانیشتوانی گوندنشین

باسی دووەم:دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەرئاستی یەکەکارگێڕیەکان

یەکەم/دانیشتوانی شارنشین

دووەم/دانیشتوانی گوندنشین

**بەشی یەکەم/ لایەنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**


ناوچەی لێکۆڵینەوە(قەزای چەمچەماڵ)یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای پارێزگای سلێمانی و بەشی رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوکەوە,بەشێکە لە ناوچەی نیمچەشاخاوی سنوری سروشتی ناوچەکە لەرۆژهەڵاتەوە زنجیرە شاخەکانی قەرەداغ و سەگرمە و بازیان وەکو سنوری سروشتی جیاکەرەوەیە لەنێوان ناوچەی شاخاوی و نیمچەشاخاوی,لە باکورەوە زێی بچوك و لەرۆژئاواوە بەرزایەکانی خاڵخاڵان وبانی مەقان وعومەرئەولیایە,لەباشورەوە لقەکانی خواروی ئاوەسپی(1).

لەرووی تایبەتمەندی جوگرافیەوە قەزای چەمچەماڵ دەکەوێتە نێوان دوو هەرێمی جیاواز,ئەویش هەرێمی دەشتایی لە باشورو باشوری رۆژئاوای پارێزگای کەرکوك,هەروەها هەرێمی چیایی لە باکور و باکوری رۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی ,نزیکەی(65)کم لە پارێزگای سلێمانی و(45)کم لە پارێزگای کەرکوکەوە دوورە,هەروەها لە بەشی رۆژهەڵاتیەوە پارێزگای سلێمانی و لە بەشی رۆژئاوایەوە پارێزگای کەرکوکە,لە باکورەوە پارێزگای هەولێر و قەزای کۆیە و دوکانە,بەهۆی زێی بچوکەوە لە قەزای کۆیە و دوکان دابڕاوە,هەروەها لە باشورەوە قەزای کەلار و کفری پێکهێناوە,بڕوانە نەخشەی(1),لە رووی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی(14, 56, 34 بۆ 46 , 52, 35°)ی باکور,هەروەها هێڵی درێژی(42،37, 44° بۆ 56, 25 , 45)ی رۆژهەڵات (2), بڕوانە نەخشەی (2),لەبەرئەمە بە یەکێك لە قەزا گرنگەکان دادەنرێت,بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی کە سێ پارێزگای گرنگی پێکەوە بەستووەتەوە,لەبەرئەمە بە رێگەیەکی بازرگانی گرنگ دادەنرێت بۆ گواستنەوەی شمەکەکان لە نێوان هەر سێ پارێزگادا,ئەمە جگە لەوەی کە پارێزگای کەرکوك ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و پارێزگای سلێمانی و هەولێریش بە پیشەسازی و کشتوکاڵ, ئەمەش کاردەکاتە سەرلایەنی ئابووری دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە .

لەرووی کارگێڕیەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە, لەساڵی(1977)رووبەری قەزاکە (2496)کم2 بەمەش(15,1%)پارێزگای پێکهێناوە,بەڵام لەساڵی(1987)بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە یەکەکارگێڕیەکانی کەمدەکات و تەنها سەنتەری قەزا دەمێنێتەوە,بەڵام لە رووی رووبەرە یەکەکارگێڕیەکانی ماونەتەوە,بەمەش کۆی رووبەری قەزاکە دەکاتە(3733) کم2,هەروەها لەساڵی(2002) یەکەکارگێڕیەکانی قەزاکە زیاد دەکات,بەمەش رووبەری قەزاکە دەکاتە(3243,6)کم2,هەروەها لەساڵی(2009)*دا یەکەکارگێڕیەکانی قەزاکە دەبێتە(7)یەکەی کارگێڕی, بەمەش رووبەرەکەی دەبێتە (3219,2)کم2 و(28,1%)ی رووبەری پارێزگای سلێمانی پێکهێناوە(3).

**نەخشەی (1)**

**پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق**





سەرچاوە :ئامادەکراوە پشت بەست بە:

•حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،بەشی GIs،نەخشەی بنەڕەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان,2010.

**نەخشەی (2)**

پێگەی قەزای چەمچەماڵ بە گوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی




سەرچاوە :ئامادەکراوە پشت بەست بە:

•حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان , 2010 .

بەشی دووەم/ دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

مەبەست لە دابەشبوونی ژینگەیی,دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی شارو و گوند ئەم شێوە دابەشبوونەش جێگای بایەخ پێدانە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی جوگرافیایی دانیشتوان,چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی دەخاتە ڕوو (4),ئەمەش مانای گۆڕانی بارودۆخی سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دانیشتوانە

(5),بەرلەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان بکەین باشتر وایە ئاماژە بەچەمکی( شار و گوند ) بدەین,لێرەدا گرفت ئەوەیە تاوەکو ئێستا هاودەنگیەك نییە لە نێوان وڵاتانی جیهان بۆ ناساندن و جیاکردنەوەی شاروگوند لەیەکتر,ئەمە بەیەکێك لەو گرفتانە دادەنرێت کە زۆرجارڕووبەڕووی توێژەردەبێتەوە لە دەست نیشانکردنی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان شاروگوند(6),هەندێك وڵات قەبارەی دانیشتوان بەکاردێنن هەندێکی تریشت بە چڕی دانیشتوان دەبەستن هەندێکی تر پێوەری پیشەیی یان ئیداری بەکاردێنن بۆ ئەم جیاکردنەوەیە (7),هەندێکی تر پێوەری (مۆرفۆلۆجی) یان (مێژووی) بەکاردێنن,بەڵام هەندێك وڵات پتر لە یەك پێوەر بەکاردێنن کە (پێوەری ئاوێتە)یە بۆ جیاکردنەوەی شاروگوند لەیەکتری لە هەموویان شیاوترە,لە عێراقدا کارگێڕی بنەمای جیاکردنەوەی شاروگوندە لەیەکتری(8),بەم پێیە هەموو ناوەندە کارگێڕیەکان مەڵبەندی( ناحیەوقەزاو پارێزگا)نیشینگەی بە شاری پۆلێنکراون و لەو انە بترازێت لادێیە بەبێ ڕەچاوکردنی چڕی دانیشتوان و چالاکی ئابووریان (9),بەجۆرێك شارگشت ئەو ئاوەدانیانەیە کە ناوەندی ئیداری پارێزگا یان قەزا یان ناحیەیان لێبێ,بەبێ لە بەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان و چەشنی چالاکی ئابووری (پیشەسازی یان کشتوکاڵ) و شێوازی ژیانی ڕۆژانە و چەشنی خانوبەرە و خەسڵەتی خزمەتگوزاری و کلتوری و تەندروستی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی (10),لێکۆڵینەوە لەشاروەك دیاردەیەکی جوگرافی شارستانی پەیوەستە بە لێکۆڵینەوە لە شوێن و شوێنگە(11),بەڵام گوند ئەو ئاوەدانیانەن کە سیفەتی کارگێڕیان نیە و اتە نە ناوەندی پارێزگا و نە هی قەزاو نە هی ناحیەن(12),ئەمە جگە لەوەی یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی خەڵکی گوندنیشین ئەوەیە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بەهێزە بە پێچەو انەی دانیشتو انی شارەکان(13),بەڵام وەزارەتی پلاندانان بەم شێوەیە پێناسەی شاری کردووە((کۆبونەوەیەکی چڕی دانیشتو انە,دانیشتو انەکەی بەکارو چالاکی ئابووری جۆراوجۆری ناکشتوکاڵیەوە خەریکن,لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵێکی لەیەك نەچون,لەگەڵ ئەم پێناسەیەدا لەلایەن دەوڵەتەوە خەسڵەتێکی یاسایی کارگێڕی پێدەدرێت))(14) .

بەگشتی لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی دانیشتوان و دابەشکردنیان بۆ شارو گوند بە پێی ئامارە فەرمیەکان ڕاست تر و ڕوون تر دەبێت,و اتە لەو ئامار انەدا هەر نیشینگەیەك بە شار یان گوند دانر ابێت لێکۆڵینەوەکە بەو شێوە دابەش دەکرێت و توێژەران پشت بەو ڕێگایە دەبەستن , لەبەرئەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەهەمان شێوە پشت بە ئامارەکان بە

ستراوە و بۆ زیاتر ئاشنابوون لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتو انی ناوچەی لێکۆڵینەوە,باسەکە بەسەر دوو بەشدا

دابەشکراوە بەجیا باس لە هەریەکەیان و دابەشبونیان بە پێی شارنشین و گوندنشین دەکەین :

باسی یەکەم:دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا

دانیشتوان لە قەزای چەمچەماڵ وەکو تەواوی ناوچەکانی تری ئەم جیهانە بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە نێوان شار و گوندا دابەشبوون,ئەم دابەشبوونەش بەشێوەیەکی جێگیر نەماوە,بەڵکو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە,ئەم گۆڕانەش لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا بەڕوونی بە دەردەکەوێت,هەموو ئەو گۆڕانەش کە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکە(1977–2009)بەسەر ناوچەکەدا هاتوون چ لەڕووی ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان بێت,یان لە ڕووی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بێت لە خشتەی (1) وشێوەی(1)دا ڕوون و دیارە.

خشتەی (1)

ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای چەمچەماڵ لە ماوەی(1977-2009)

| ساڵ | شارنشین | | گوندنشین | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتو انی /کەس | ڕێژە % | ژمارەی دانیشتوان/کەس | ڕێژە% |
| 1977 | 16950 | 32 | 35823 | 68 |
| 1987 | 50300 | 71 | 20252 | 29 |
| 2002 | 108050 | 73 | 39023 | 27 |
| 2009 | 124039 | 88 | 16934 | 12 |

سەرچاوە : ئامادەکراوە پشت بەشت بە

1-وزارة التخطيط , الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1977,المحافظة السليمانية,1987,ص37 .

2-وزارة التخطيط,الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1987 ,المحافظة السليمانية,1988,ص82 .

3- مديرية احصاء السليمانية,المؤشرات السكانية و البنى الخدمية الارتكازية لاقليم كردستان العراق لسنة 2002,ص179-180.


4-وەزارەتی پلاندانان,بەڕێوەبەر ایەتی ئاماری سلێمانی,پوختەی ئەنجامە سەرەتایەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆسازی(الحصر و الترقيم)تایبەت بەسەرژمێری دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشین,پارێزگای سلێمانی,2009,لاپەرە 199.

یەکەم/دانیشتو انی شارنشین :

وەك لە سەیرکردنی خشتەکەدا دەردەکەوێت لەماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا دانیشتو انی شارنشین لە قەزای چەمچەماڵ گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە,بەجۆرێك لەساڵی(1977)ئەم ڕێژەیە تەنیا لە(32%)ی دانیشتو انی شارنشینی پێکهێناوە,بەڵام ڕێژەکە لەساڵی(2009)بەرزبۆتەوەو بووە بە(88%)لەکۆی دانیشتو انی شارنشینی قەزاکە, بەمەش جیاوازی نێوان ئەم دووساڵە دەکاتە(56%),ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزو دیارە کە بەسەرژینگەیی ناوچەکەدا هاتووە,ئەم ڕێژەیەش بەپێی ساڵەکان جیاوازە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە,بەجۆرێك لەساڵی (1987) ڕێژەی شارنشین بەرزبۆتەوە بۆ(71%)ی کۆی دانیشتو انی شارنشین و ڕێژەی گەشەی ساڵانەش لە ماوەی

**نیوان(1977–1987) دەکاتە(4,11%),لەساڵی(2002)دا ڕێژەی شارنشین(73%)ی کۆی دانیشتو انی شارنشینی قەزاکەی پێکهێناوە,بەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەماوەی نێوان(1987- 2002)دەکاتە(5,2%),بڕو انە خشتەی(2),ئەگەر بێت و ئەم ڕێژەیە بەراورد بکریت بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان (1977-1987),ئەوا دەبینین ڕێژەکە دابەزیوە , دیارە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەژمارنەکردنی ژمارەی دانیشتو انی یەکە کارگێڕیەکانی قەزاکە و تەنها مانەوەی سەنتەری قەزا**,ئەمەش کاردەکاتە سەر کەمبوونەوەی دانیشتوان لە ماوەی ناوبراودا,کە بەهۆکارێکی کاریگەر و دیار دادەنرێت لەسەر کەمبوونەوەی دانیشتو انی شارنشین,بەهۆی ڕاگواستنی دانیشتو انی یەکەکارگێڕیەکان بەرەو سەنتەری قەزا یان دەرەوەی قەزای چەمچەماڵ,بەڵام لەساڵی (2009)دا ڕێژەی شارنشین (88%)ی کۆی دانیشتو انی شارنشینی قەزاکەی پێکهێناوە,بەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەماوەی نێوان(2002- 2009)دەکاتە(1,9%) وەك لە شێوەی(2)نیشاندراوە,ئەگەر بێت و ئەم ڕێژەیە بەراورد بکرێت بەساڵی(2002)دەبینین ڕێژەکە دابەزیوە,بەسەیرکردنی خشتەی (1) و (2) دەردەکەێت,کە کەمبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی کاری نەکردۆتە سەرزیادبوونی گەشەی دانیشتو انی گوندنشین,بەمەش دەردەکەوێت کە هۆکاری ئەم کەمبوونەوەی دانیشتو انی شارنشین و گەشەی ساڵانەی شارنشین لە قەزای چەمچەماڵ دەگەڕێتەوە بۆکۆچکرنی دانیشتو انی قەزای چەمچەماڵ بەرەو دەرەوەی قەزاکە.**

**شێوەی ( 1 )ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای چەمچەماڵ لە ماوەی(1977- 2009)**




**سەرچاوە : ئامادەکراوە پشت بەست بە خشتەی (1)**

خشتەی (2)

گەشەی ساڵانەی شارنشین و گوندنشین و گۆڕانی ژینگەیی لەماوەی(1977-2009)

| ماوە | شارنشین % | طوندنشین % |
|---|---|---|
| 1987-1977 | 11,4 | 5,5- |
| 2002-1987 | 5,2 | 4,4 |
| 2009-2002 | 1,9 | 11,2- |
| 2009-1977 | 6,4 | 2,3- |

**1- وزارة التخطيط , الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1977 ,المحافظة السليمانية,1987,ص37 .**

**2-وزارة التخطيط,الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1987 ,المحافظة السليمانية,1988,ص82 .**

**3- مديرية أحصاء السليمانية,المؤشرات السكانية و البني الخدمية الارتكازية لَاقليم كردستان العراق لسنة 2002,ص179-180.**

4-وەزارەتی پلاندانان,بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی,پوختەی ئەنجامە سەرەتایەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆسازی(الحصر و الترقيم)تایبەت بەسەرژمێری دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشین,پارێزگای سلێمانی,2009,ل 199.

بەگشتی ڕێژەی شارنشین لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا(1977-2009) دەکاتە(88%),بەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانە دەکاتە( 6,4%),بڕوانە شێوەی(2),لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی شارنشینی هەڵبەزو دابەزی زۆری بەخۆوە

بینیووه,هەروەها ئەم ڕێژەیەش دەگۆردرێت لە یەکەیەکی کارگێڕیەوە بۆ یەکەیەکی کارگێڕی ترو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :


1-بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی گوندنشینی ناوچەکە بەهۆی ئازاردانیان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بوون بە پێشمەرگە, ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ماڵ و منداڵەکانیان لە پێناو پاراستنی ژیانییان و ئاوەدانی و ئارامی شار بە بەراور بە گوندەکان لە شار سەقامگیربوون,ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ زیادبوونی ڕێژەی شارنشین.

2- خاپورکردنی گوندەکانی قەزای چەمچەماڵ و ناوچەکانی دەورووبەری قەزاکە لەلایەن ڕژێمی عێراق و بونیاتنانی ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئەم ئۆردوگایانە لەوانە ئوردوگای تەکیەو*** ئەمەش بوە هۆی زۆربونی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکە .

3- پێکهێنانی دوو ناحیەی تازە بەناوی(ناحیەی تەکیە و ناحیەی شۆرش)(14)و,دابڕانی قەزای چەمچەماڵ لەسەر پارێزگای کەرکوك و خستنە سەر پارێزگای سلێمانی,بەمەش بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی گوندە سنوریەکانی قەزاکە لە هەریەك لەم ناحێیانە جێگیرکران,ئەمەش کاری کردوەتە سەر زۆربونی دانیشتوانی شارنشین.

شێوەی (2)

گەشەی ساڵانەی شارنشین و گوندنشین و گۆڕانی ژینگەیی لەقەزای چەمچەماڵ لەماوەی(1977—2009)




سەرچاوە:ئامادەکراوە پشت بەست بە خشتەی(2)

## دووەم/دانیشتو انی گوندنشین :

ڕێژەی گوندنشین لەماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا(1977—2009)لە قەزای چەمچەماڵ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە,بەجۆریك لەساڵی(1977)دا ڕێژەی گوندنشین(68%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی قەزاکەی پێکهێناوە,بەڵام لەساڵی (2009) ڕێژەی گوندنشین بۆ(12%) دابەزیوە,بەمەش جیاوازی نیوان ئەم دوو ڕێژەیە دەکاتە(56%),ئەمەش گۆڕانی ژینگەیی دانیشتوان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەدەردەخات,بەڵام لەساڵی(1987) ڕێژەی گوندنشین بە بەراورد بەساڵی(1977)بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوەو بۆتە(29%),بەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین لەماوەی (1977—1987)بەشێوەکی دیار دابەزیوەو بۆتە(-5.5%),هۆکاری ئەمەش بۆ خاپورکردنی گوندەکانی قەزاکە دەگەڕێتەوە وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆکرد,بەڵام لە ساڵی(2002) ڕێژەی گوندنشین(27%)وەك لە خشتەی(2)دا دیارە,بەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین لەماوەی نێوان(1987-2002)بەرزبۆتەوە بۆ(4,4%),هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندنشین بۆ زێدی خۆیان دوای ئازادکردنی زۆربەی گوندە سنوریەکانی قەزاکە لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی 1991,هەروەها لەساڵی(2009)دا جارێکی تر ڕێژەی گوندنیشین دابەزیوە بۆتە(12%),بەمەش ڕێژەی گەشەی ساڵانەی

گوندنشین لەماوەی نێوان ساڵی(2002- 2009)دابەزیوە بۆتە (-11,2%),بەگشتی لەماوەی لێکۆلینەوکەماندا(1977-2009)ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین دابەزیوە بۆ(-2,3%)هۆکارەکەشی ئەمانەن :

1-دابەزینی بەهای بەرووبومە کشتوکاڵیەکان لەم ماوەیەدا,ئەمەش بوو بەهۆی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندنشین بۆ شارەکان,چونکە بوونی بەهای بەرووبومە کشتوکاڵیەکان هۆکاری سەرەکیە بۆ جێگیربوونی دانیشتوانی گوندنشین .

2-بوونی هەلی کارکردن لەشارەکان,بەمەبەستی باشتربوونی لایەنی ئابووری دانیشتوانی گوندنشین بووە هۆی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندنشین و جێگیربونیان لە سەنتەری شارەکان بەتایبەتی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی(2003)دا .

3-بەشێکی زۆر لەدانیشتوانی گوندنشین لە داموودەزگاکانی حکومەت دامەزران,ئەمەش وایکرد گوندنشینەکان پەیوەستبن بەکارەکانیان و بووە هۆی مانەوەیان لە شاردا .

4- ئاشکرایە بارودۆخی شارەکان لە ڕووی ئارامیەوە جێگیرترە بە بەراورد بە گوندەکان,سەرەڕای بوونی خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان لەشارداو نەبوونی یاخود کەمی لە گوندەکاندا بە بەراورد بەشارەکان,کە ئەمەش هۆکارێکی ڕاکێشەرە بۆ دانیشتوانی گوندنشین بۆ شارەکان و زیادبوونی دانیشتوانی شارو لەبەرامبەردا کەمبوونەوەی لە گوندەکان .

## باسی دووەم/ دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکەکارگێڕیەکان

مەبەست لەدابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی یەکەکارگێڕیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ هەردوو جۆری شارنشین و گوندنشین,لێکۆڵینەوە لەم جۆرە دابەشبوونە گرنگیەکەی لەوەدایە تیشك دەخاتە سەر چۆنێتی دابەشبوونی دانیشتوان,لەبەرئەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانە و ڕێژەی گەشەی شارنشین و گوندنشین لەنێوان یەکەکارگێڕیەکان لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە,بەجۆرێك لەماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا(1977—2009),گۆڕانێکی گەورە لەڕووی گەشەو ڕێژەی شارنشین و گوندنشین بەسەر یەکەکارگێڕێکاندا هاتووە کە بە دابەشکرنیان بۆ شارنشین و گوندنشین هەریەك لەو گۆڕانانە بەدیاردەخەین .

### یەکەم/دانیشتوانی شارنشین :

دانیشتوانی شارنشین لەیەکەکارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ یەکسان نییەو جیاوازە,لەیەکەیەکی کارگێڕیەوە بۆ یەکەیەکی کارگێڕی و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر,ئەم گۆڕانەش زۆر بە ڕوونی لە خشتەی(3)دا دیارە.

1-ناحیەی سەنتەر:وەك لەخشتەی(3)دا نیشاندراوە ئەم یەکەکارگێڕیە لەڕووی ڕێژەی شارنشین و گوندنشین هەڵکشان و داکشانێکی زۆری بەخۆوە بینیوە,بەجۆرێك لەساڵی(1977)ڕێژەی شارنشین(53%)ی کۆی دانیشتوانی یەکەکارگێڕیەکەیە,بەڵام لە ساڵی(1987)ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوەو بووە بە(71%)ی کۆی دانیشتوانی شارنشین, دیارە ئەم زیادبونی شارنیشینەش بەتەنیا بۆ زیادبوونی سروشتی ناگەڕێتەوە,بەڵکو هۆکاری سیاسی و بارودۆخی ناوچەکە کاریگەریەکی ڕوون و دیاری لەسەر بەرزبوونەوەی دانیشتوانی شارنشین هەبووە,بەجۆرێك نزیکەی(770) خێزان ڕاگوێزراون بۆ کۆمەڵگەی زۆرە ملێی (چەمچەماڵ) , بڕوانە پاشکۆی (3) , ئەمەش بەفاکتەری سەرەکی بەرزبوونەوەی دانیشتوانی شارنشین دادەنرێت لە ناحیەی سەنتەر لەماوەی(1977-1987),هەروەها لەساڵی (2002)ڕێژەی شارنشین بەشێوەیەکی دیار بەرزبۆتەوەو بۆتە(91%),لەساڵی(2009) ڕێژەی شارنشینی بۆ(96%)بەرزبوەتەوە,هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بەردەوامی دانیشتوان بۆ ناحیەی سەنتەر,چونکە ئەم ناحێەیە سەنتەری شارنشینی قەزای چەمچەماڵە,بەهۆی بوونی هەموو دامودەزگا حکومیەکان و خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکان دانیشتوان لە کۆچکردنی بەردەوامدان بۆ ئەم یەکەکارگێڕیە,ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی دانیشتوانی شارنشین .

خشتەی (3) ڕێژەی شارنشینی لە یەکەکارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ لە ماوەی(1977-2009)

| یەکەکار یەکە گێریەکان | ١٩٧٧ گوندنشین ژمارەی دانیشتوان | ١٩٧٧ گوندنشین ڕێژە % | ١٩٨٧ گوندنشین ژمارەی دانیشتوان | ١٩٨٧ گوندنشین ڕێژە % | ٢٠٠٢ گوندنشین ژمارەی دانیشتوان | ٢٠٠٢ گوندنشین ڕێژە % | ٢٠٠٩ گوندنشین ژمارەی دانیشتوان | ٢٠٠٩ گوندنشین ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | ١١٨٨٢ | ٤٧ | ٢٠٢٥٢ | ٢٩ | ٤٥٧٣ | ٩ | ٢٠٣٨ | ٤ |
| شۆرش | - | - | - | - | ٢٥٣٥ | ٦ | ١٤٨٢ | ٣،٧ |
| سەنگاو | ٩٩٦٨ | ٨١ | - | - | ١١٧٩٢ | ٩٣ | ٣٩٢٢ | ٧٣ |
| تەکیە | - | - | - | - | ٢٧٢١ | ١٣ | ١٣٤٨ | ٦ |
| ئاغجەلەر | ١٣٩٧٣ | ٩٢ | - | - | ١٣٤٧٦ | ٨٣ | ٦٢٦٧ | ٧٨ |
| قادرکەرەم | - | - | - | - | - | - | ١٤٥٨ | ٧٠ |
| تەکیەی جەباری | - | - | - | - | - | - | ٤١٩ | ٥٤ |
| شوان/ قەرەناو | - | - | - | - | ٣٩٢٦ | ٨٩ | - | - |

سەرچاوە : ئامادەکراوە پشت بەشت بە

1-وزارة التخطيط , الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1977,المحافظة السليمانية,1987,ص37 .


2-وزارة التخطيط,الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1987 ,المحافظة السليمانية,1988,ص82 .

3- مديرية أحصاء السليمانية,المؤشرات السكانية و البني الخدمية الارتكازية لاقليم كردستان العراق لسنة 2002,ص179-180.

4-وەزارەتی پلاندانان,بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی,پوختەی ئەنجامە سەرەتایەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆسازی(الحصر و الترقيم)تایبەت بەسەرژمێری دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشین,پارێزگای سلێمانی,2009,لاپەرە 199.

نەخشەی (3)

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە یەکەکارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ لەساڵی(1977)دا




سەرچاوە :ئامادەکراوە پشت بەست بە


1-هاشم یاسین حمد أمین و الآخرون ,أگلس کرکوك,الگبعه الپانیه ,أربیل,2006,ص16.

2-خشتەی (3) .

3-خشتەی (4)

نەخشەی (4)


دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە یەکەکارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ لەساڵی (1987)دا




سه
-1
الانس
-2
-3

نەخشەی (5)

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە یەکەکارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ لەساڵی (2002)دا




ماڵ


1- سەرچاوە : ئامادەکراوە پشت بەست بە

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،بەشی Gis.

3- خشتەی (3) و (4) .

نەخشەی (6)

دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە یەکەکارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ لەساڵی (2009)دا




1- سەرچاوە : ئامادەکراوە پشت بەست بە

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،بەشی Gis.

3- خشتەی (3) و (4) .

2-ناحیەی شۆرش: لەساڵی(1977)و(1987)ڕێژەی گوندنشین(سفر)ە,چونکە ئەم یەکەکارگێریە لەم ماوەیەدا نەبووە ,هەروەها لەماوەی(1987-1988)کۆمەڵگای زۆرە ملێ بووە,لەساڵی(2000)وەك یەکەیەکی کارگێڕی قەزاکە پێکهێنراوە,لەبەرئەوە لەساڵی(2002) ڕێژەی(6%)ی کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,بەڵام لەساڵی(2009) ڕێژەی(3,7%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,ئەم ڕێژەیەش بە بەراورد بە یەکەکارگێریەکانی تری قەزاکە ڕێژەیەکی کەمە,هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربوونی دانیشتوانی ئەم یەکە کارگێریانە لە شار و نەگەڕانەوەی بەشێکی زۆریان بۆ گوندەکانی خۆیان.

3-ناحیەی سەنگاو: لەساڵی(1977)ڕێژەی(81%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,بەڵام لەساڵی (1987) ڕێژەی گوندنشین (سفر)ە,هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەژمارکردنی دانیشتوانی ناحیەکە لەگەڵ ناحیەی سەنتەر,بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بەجۆرێك(61)گوندی ناحیەکە و(1251)خێزان ڕاگوێزراون بۆ کۆمەڵگای زۆرە ملێی شۆرش و چەمچەماڵ,لەساڵی(2002)دا ڕێژەی(93%)ی کۆی گوندنشنی ناحیەکەی پێکهێناوە,بڕوانە خشتەی(4),لەساڵی(2009)ڕێژەی(73%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی ناحیەکەی لەخۆگرتووە.

4-ناحیەی تەکیە :ئەم ناحیەش بەهەمان شێوەی ناحیەی شۆڕش لەساڵی(1977)و(1987)ڕێژەی گوندنشین (سفر)ە بەهۆی هەژمارنەکردنی ئەم یەکەکارگێریە وەك یەکەیەکی کارگێڕی قەزاکە,بەڵام لەساڵی(2002)دا ڕێژەی(13%)ی کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,هەروەها لەساڵی(2009)ڕێژەی(6%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,کەمی ژمارەی دانیشتوانی گوندنشینی بە بەراورد بە یەکەکارگێڕیەکانی تر,دەگەڕێتەوە بۆ کەمی گوندەکانی ناحیەی تەکیە کە تەنها لە(28)(18) گوند پێکهاتووە,ئەمە سەرەڕای نیشتەجێبووونی بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندنشین لە سەنتەری ناحیەکە,بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

5-ناحیەی ئاغجەلەر:لەساڵی(1977)ڕێژەی(92%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,بەڵام لەساڵی(1987)ڕێژەی گوندنشین(سفر%)ە,هۆکاری ئەمەش بەهەمان شێوەی ناحیەی سەنگاو,دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو ڕاگواستنی(61)گوندی ناحیەکە بۆ کۆمەڵگای زۆرە ملێی شۆڕش, هەروەها لەساڵی(2002)و(2009)یەك یە دوای یەك ڕێژەی(83%)و(78%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی ناحیەکەی لە خۆگرتووە ,ئەم ڕێژەیەش بەرزبوەتەوە بە بەراورد بە ساڵی(1987),هۆکارەکەشی بەهەمان شێوەی یەکەکارگێڕیەکانی تری قەزاکە,دەگەڕێتەوە بۆ ئازادکردنی گوندەکانی ناحیەکە لەساڵی(1991) و گەڕانەوەی دانیشتوانەکەی بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان .

بەشێوەیەکی سەرەکی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشینی لەقەزای چەمچەماڵ بەگشتی و یەکە کارگێڕیەکانی ناحیەی سەنگاو و ئاغجەلەر بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ:

1- ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقی لەساڵی(2003)و ڕزگارکردنی زۆربەی گوندەکانی یەکەکارگیرپەکانی قەزاکە و ناوچەکانی دەورووبەری قەزاکە,ئەمەش بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گوندنشین .

2-بەرزی نرخی خانو و خۆراك و شمەکەکان لەشاردا و نەبوونی کارو چالاکیەکان بۆ دابینکرنی پێداویستی ڕۆژانەی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شارنشین,بوو بەهۆی گەڕانەوەی بەشیك لە دانیشتوانی سەنتەری شار و یەکە کارگێڕیەکانی قەزاکە بۆ زێدی خۆیان,ئەمەش هۆکارێکی کاریگەر بوو لەسەر بەزبونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین لە کۆی دانیشتوانی ناحیەکە لە هەردوو ناحیەی سەنگاو و ئاغجەلەر .

3-زۆری ژمارەی دانیشتوانی گوندنشینی لە هەردوو ناحیەی سەنگاو و ئاغجەلەر بە بەراورد بە یەکەکارگێریەکانی تری قەزاکە,دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی کەرتەکانی***** ئەم یەکە کارگێریە بەجۆرێك هەریەکەو بەدوای یەکدا ڕێژەی (23,8%و 22%)ی کۆی کەرتەکانی قەزاکەی لەخۆگرتووە,کە ئەمەش کاردەکاتە سەر بەرزی دانیشتوانی گوندنشین لە هەردوو ناحیە لەماوەی(2002–2009)دا .

4-لەڕووی ئابووریەوە حکومەتی هەرێم ساڵانە بەشێك پارەی تەرخان کردووە بۆ گوندنشینەکان وەك پێشینەی خانوبەرە و دروستکردنی خانووی پلاستیکی,کە ئەمەش هۆکارێکی هاندەرە بۆ گەڕانەوەی دانیشتوانی گوندنشین بۆ زێدی خۆیان .

5- ناحیەی قادرکەرەم:ئەم یەکە کارگێڕیە لەساڵەکانی(1977)و(1987)و(2002) ڕێژەی گوندنشین(سفر)ە,دیارە ئەمەش بەهەمان شێوەی ناحیەکانی شۆرش و تەکیە,بەهۆی هەژمار نەکردنێوەیە وەك یەکەیەکی کارگێڕی قەزاکە, بەهۆی داگیرکردنی لەلایەن حکومەتی عێراقی لەساڵی(1987)وخاپورکردنی گوندەکانی لەساڵی(1988),بەڵام لەساڵی(2009)دا ڕێژەی(70%)کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,هۆکاری ئەمەش هەمان ئەو هۆکارانەیە کە بووە هۆی بەزبونەوەی ڕێژەی گوندنشین لە ناحیەکانی سەنگاو و ئاغجەلەر .

6-ناحیەی تەکیەی جەباری:ڕێژەی گوندنشینی تەنها لەساڵی(2009)بەدەردەکەوێت,لەبەرئەوەی لەساڵی(2004)وەك یەکەیەکی کارگێری قەزاکە پێکهێنراوە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد,بەمەش لەساڵی(2009)دا ڕێژەی(54%)ی کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهیناوە,زۆری ئەم ڕێژەیەش,دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو ئازادکردنی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق لەدوای ڕووخاندنی حکومەتی عێراقی لە ساڵی(2003)دا.

7-ناحیەی شوان:لەساڵی(2002),لە(89%)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,زۆری ڕێژەی گوندنشینی لە ناحیەی شوان,دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی گوندەکانی ئەم یەکەکارگێڕیە بەجۆرێك لە(25)نشینگەی گوندی پێکهاتووە,هەروەها(633)خێزانی لە کۆی خێزانی ناحیەکە لە خۆگرتووە(19).

**دەرئەنجام**

1-گۆڕانی ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی لە قەزای چەمچەماڵ لەساڵی(1977-2009),بەجۆرێك لەساڵی (1977)ڕێژەی شارنشینی دەکاتە(32%)لە کۆی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکە,بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی (2009)بەرزدەبێتەوە بۆ (88%),چونکە قەزای چەمچەماڵ سەنتەری زۆربەی خزمەتگوزاریە جۆراجۆرەکانە کە بەفاکتەری سەرەکی ڕاکێشانی دانیشتوان دادەنرێت.

2-داکشانی دانیشتوانی گوندنشینی لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا,بەجۆرێك لەساڵی(1977)ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشینی دەکات (67%),بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی (2009)بە شێوەیەکی زۆر کەمدەکات بۆ(12%),بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکان.

4-دابەزاندنی بەهای بەرووبومەکشتوکاڵیەکان لەساڵی(2009) و دامەزراندنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی گوندەکان لە دامودەزگا حکومیەکان بە فاکتەری سەرەکی کۆچکردنی دانیشتوانی گوندەکان دادەنرێت بۆ سەنتەری قەزاو یەکەکارگێڕیەکان,بەجۆرێك گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارنشینی لە ماوەی (1977-2009)دەکاتە(6,4%)بەڵام گەشەی ساڵانەی گوندنشینی کەم دەکات بۆ(-2,3%)لەهەمان ماوەدا,سەرئەنجام ئەمەش گۆڕانی ژینگەی ناوچەکەی لێکەوتەوە.

4-جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەنیوان یەکە کارگێڕیەکان,بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر لەساڵی(1977) لە(53%)کۆی دانیشتوانی شارنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە,لەبەرامبەردا دانیشتوانی گوندنشینی دەکاتە(47%)بەمەش جیازازی نێوانیان دەکاتە(3%)کە ئەمەش جیاوازیەکی کەمە,بەڵام دانیشتوانی شارنشینی لە ساڵی(2009)دەکاتە(96%)لەبەرامبەردا دانیشتوانی گوندنشینی دەکاتە(4%),بەمەش جیاوازی نێوانیان دەکاتە(92%) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە,هۆکاری ئەمەش بۆ کۆچی دانیشتوان دەگەڕێتەوە لە گوندەکانەوە بۆ یەکەکارگێڕیەکان.

ڕاسپاردەکان

1-پەیڕەوكردنی سیستەمی گونجاو وریك لەدابەشكردنی خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەكانی وەكو(تەندروستی, پەروەردە,ئاو,كارەبا...),بەشێوەیك هەر خزمەتگوزاریەك لەسەنتەری شارەكاندا ئەنجامدرا هەوڵبدرێت ئەو خزمەتگوزاریە بگەیەنرێتە گوندەكانیش,تاوەكو دانیشتوانی گوندنشین بتوانن درێژە بەژیانی خۆیان بدەن.

2-هەوڵدان بۆ دووبارە بوژانەوەی گوندەكان و گەڕانەوەی دانیشتوانەكەی بۆ زێدی خۆیان,ئەمەش بە دابینكردنی پێداویستیە سەرەكیەكانی ژیان دەهێنرێتە دی,وێڕای پێدانی قەرز بۆ خاوەن زەوی و زارە كشتوكاڵیەكان,تاوەكو پاڵنەرێك بێت بۆ گەڕانەوەی بەشێكی زۆری دانیشتوانی گوندنشینی قەزاكە,بەمەش دەتوانرێت  نارێكی دابەشبوونی دانیشتوان یان ئەو گۆڕانە ژینگەیەی بەسەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتووە كەمبكرێتەوە.

3-رێكخستنی سیستەمی گواستنەوە و گەیاندن لەگەڵ دابینكردنی گواستراوی(نقل و المواصلات) پێشكەوتوو بۆ دانیشتوانی گوندەكان بەتایبەتی بۆ ئەو گوندانەی زیاتر خەریكی بەخێوكردنی مەڕو ماڵاتن بەمەبەستی گەیاندنی بەرهەمەكانیان لە كاتی دیاریكراودا و ساغكردنەوەی لە بازاڕدا.

4-دروستكردنی گوندێكی نمونەی(القریە **نموذجیة**) و دابینكردنی سەرجەم خزمەتگوزاریەكان تێیدا,بەجۆرێك شوێنی ئەم گوندە ستراتیجی بێت و چەند گوندێكی دەوروبەری بەیەكەوە ببەستێت و بتوانن بە ئاسانترین شێوە سود لە خزمەتگوزاریەكانی وەربگرن,كە ئەمەش بە رێگایەكی گونجاو دادەنرێت بۆ كەمكردنەوەی جیاوازی لە نیوان دانیشتوانی شارنشین وگوندنشین

**لیستی سەرچاوەكان**


1-هاوڕێ یاسین محمد أمین,دیاردەی بە بیابانبوون لە ناوچەی نیمچە شاخاویەكان(قەزای چەمچەماڵ بە نمونە)سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان,سلێمانی,2011,لا 5 .

2-پێگەی ئەسترۆنۆمی قەزای چەمچەماڵ دەرهێنراوە بە بەرنامەی Arc Gis 9.3

**3-أ-وزارة التخطيط,الجهاز المركزي للأحصاء,المجموعة الاَحصائية السنوية,1976,مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء,وزارة التخطيط,بغداد,1977 ,ص36**

**ب-وزارة التخطيط,الجهاز المركزي للأحصاء,المجموعة الاَحصائية السنوية,1986,مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء,وزارة التخطيط,بغداد,1987, ص29**

ت-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی,سەنتەری تەكنەلۆجیای زانیاری GIS,زانیاری دەربارەی ڕووبەری قەزای چەمچەماڵ و یەكەكارگێڕیەكانی لە ساڵی 2002,

پ- بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی چەمچەماڵ,بەشی زەوی و زار,زانیاری دەربارەی ڕووبەری نشینگە گوندیەكانی قەزای چەمچەماڵ و یەكەكارگێڕیەكانی لە ساڵی 2009, داتای بڵاو نەكراوە

*بۆ ررووبەری یەكەكارگێڕیەكانی قەزای چەمچەماڵ لەساڵی 2009 دا پشت بەكۆكردنەوەی ڕووبەری نشینگە گوندیەكان بەستراوە لەهەمان یەكەی كارگێڕیدا .

4-شتیوان شەفیق ئەحمەد,شیكردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە(1957-2006 ),نامەی ماستەر,بڵاونەكراوە, زانكۆی كۆیە,2009,لا 29.

5-خليل أسماعيل محمد,النموالحظري في محافظات منطقة الحكم الذاتي,مجلة الجمعية الجغرافية العراقية,المجلد الرابع عشر,مطبعة العاني, بغداد,1984,ص140.

6-تەنكە عوسمان سعید,دابەشبونی دانیشتوان لەقەزای شەقڵاوە,لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان, سلێمانی,2012,لا 47 .

7-حمادي عباس حمادي الشبري,التغيرات السكانية في محافظة القادسية 1977-1997(دراسة في جغرافية السكان),اطروحة دكتوراه,غير  منشورة,كلية أداب,جامعة بغداد ,2005,ص63 .

8-شاسوار محمد محمود,شیكردنەوەی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوكان,نامەی ماستەر,بڵاونەكراوە,كۆلێژی ئەدەبیات,زانكۆی سەڵاحەدین,هەلێر,2013,لا 39 .

9-جەزا تۆفیق تالیب ,بایەخی جیۆپۆلەتیكی دانیشتوانی هەرێمی كوردستانی عێراق ,سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان,چاپی یيكيم,سلێمانی,1999,لا 89 .

10-عەبدوڵا غەفوور,جوگرافیای باشوری كوردستان,لەبڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی,چاپخانەی ڕەنج,چاپی یەكەم,سلێمانی,2008, لا 209- 210 .

**11-خليل أسماعيل محمد,النموالحضري في محافظات منطقة الحكم الذاتي,مصدر سابق,ص 82.**

12-عەبدوڵا غەفوور,جوگرافیای باشوری كوردستان,لەبڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی,چاپخانەی ڕەنج,چاپی یەكەم,سلێمانی,2000,لا 223

13-پشتیوان شەفیق ئەحمەد ,سەرچاوەی پێشوو,لا 30.

14-جاسم محمد محمد علی,ڕۆڵی هۆكارە سیاسیەكان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا,مەڵبەندی كوردۆلۆجی,چاپی یەكەم, سلێمانی,2000,لا 60 .

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

**(1)عبدالله غفور,التشكيلات الادارية في جنوب كردستان,مطبعة شفان مديرية العامة للطباعة والنشر,الطبعة الاَولي,أربيل,2005,ص72-97 .**

**(2)وزارة التخطيط,الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1987,محافظة السليمانية,1988 ,ص82.**

**بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:ئەمین قادر مینە,ئەمنی ستراتیجی عێراق وسێكوچكەی بەعسیان(تەرحیل,تەعریب,تەبعیس),لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان,چاپی دووەم ,سلێمانی,1999,لا 200 .

14-وەرگیراوە لە:قەزای چەمچەماڵ,بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی تەكیە و شۆڕش,بەشی خۆی,فەرمانی كارگێڕی ژمارە(4249),لەڕێكەوتی(2000/6/24),پێكهێنانی ناحیەی تەكیە و شۆڕش .

**15-عبدالله غفور,التشكيلات الأدارية في جنوب كردستان,مطبعة حاجي هاشم,الطبعة الثالثة,أربيل,2014 ,ص127.**

**16-المصدر نفسه,ص243.**

**17- المصدر نفسه,ص211.**

******بروانه:عبدالله غفور,التشكيلات الاَدارية في جنوب كردستان,الطبعة الاَولي,مصدر سابق,ص72-97.**

18-بڕوانە:وەزارەتی پلاندانان,بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی,پوختەی ئەنجامە سەرەتایەكانی كاری ژمارە لێدان و گەمارۆسازی(الحصر والترقيم)تایبەت بەسەرژمێری دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشین,پارێزگای سلێمانی,2009,داتای بڵاونەكراوە.

*****مەبەست لە كەرت نیشینگەیەكی گوندی یان زیاتر لە یەك نیشینگەی گوندی دەگرێتەوە.

19- مديرية أحصاء السليمانية,المؤشرات السكانية و البني الخدمية الارتكازية لاقليم كردستان العراق لسنة  2002,ص212-213.


پاشكۆی (1)  ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندنشینی بەگوێرەی یەكەكارگێڕیەكان لە قەزای چەمچەماڵ

| یەكەی كارگێڕی | 1986-1980 | | 1990-1987 | | كۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزان | ئەو شوێنەی بۆی ڕاگوێزراون |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەر | 4 | 195 | 60 | 1499 | 64 | 1614 | - |
| سەنگاو | 4 | 599 | 61 | 1251 | 65 | 1850 | - |
| ئاغجەلەر | 1 | 20 | 88 | 1498 | 89 | 1518 | - |
| قادرکەرەم | - | - | 71 | - | 71 | - | - |
| شوان | - | - | 61 | - | 61 | - | - |
| قەرەهەنجیر | | | 39 | | 39 | | - |

**سەرچاوە: -مراد حەکیم محەمەد,ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا,سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان,سلێمانی,2004,لاپەڕە153.**

پاشکۆی (2) کۆمەڵگە زۆرە ملێکانی نیشتەجێبوون لە قەزای چەمچەماڵ

| ناوی کۆمەڵگە | ساڵی دروستکردن | ژمارەی خێزان | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| چەمچەماڵ | 1978 | 770 | 4466 |
| تەکیەی کاکەمەند | 1978 | 370 | 2146 |
| تەکیە | 1988-1987 | 3227 | 17753 |
| شۆڕش | 1988-1987 | 10345 | 60000 |

**سەرچاوە:وەرگیراوە لە جاسم محەمەد محەمەد علی,ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا,چاپخانەی تیشک,چاپی یەکەم, 2008,لاپەرە 201.**

پاشکۆی (3)

ژمارەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لە یەکەکارگێڕیەکانی قەزای چەمچەماڵ لەماوەی( 1977- 2009)

| یەکەی کارگێڕی | (1)1977 | | | (2)1987 | | | (3)2002 | | | (4)2009 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار | گوند | کۆ | شار | گوند | کۆ | شار | گوند | کۆ | شار | گوند | کۆ |
| سەنتەر | 13423 | 11882 | 25305 | 50300 | 20252 | 70552 | 48650 | 4573 | 53223 | 54071 | 2038 | 56109 |
| شۆڕش | - | - | - | - | - | - | 37500 | 2535 | 40035 | 42825 | 1482 | 44307 |
| سەنگاو | 2288 | 9968 | 12256 | - | - | - | 925 | 11792 | 12717 | 1420 | 3922 | 5342 |
| تەکیە | - | - | - | - | - | - | 17753 | 2721 | 20474 | 22942 | 1348 | 24290 |
| ئاغجەلەر | 1239 | 13973 | 15212 | - | - | - | 2730 | 13476 | 19206 | 1802 | 6267 | 8069 |
| قادرکەرەم | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 621 | 1458 | 2079 |
| تەکیەی جەباری | - | - | - | - | - | - | - | - | - | 358 | 419 | 777 |
| شوان /قەرەناو | - | - | - | - | - | - | 492 | 3926 | 4418 | - | - | - |
| کۆی قەزا | 16950 | 35823 | 52773 | 50300 | 20252 | 70552 | 108050 | 39023 | 147073 | 124039 | 16934 | 140973 |
| کۆی پارێزگا | 325602 | 364955 | 690557 | 680857 | 270866 | 951723 | 1010156 | 239668 | 1249824 | 1526540 | 270968 | 1797508 |

سەرچاوە : ئامادەکراوە پشت بەشت بە

**1-وزارة التخطيط , الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1977,المحافظة السليمانية,1987,ص37 .**

**2-وزارة التخطيط,الجهاز المركزي للأحصاء,نتائج التعدادات العام للسكان لسنة 1987 ,المحافظة السليمانية,1988,ص82 .**

**3- مديرية أحصاء السليمانية,المؤشرات السكانية و البني الخدمية الارتكازية لأقليم كردستان العراق لسنة 2002,ص179-180.**

4-وەزارەتی پلاندانان,بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی,پوختەی ئەنجامە سەرەتایەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆسازی(الحصر و الترقيم)تایبەت بەسەرژمێری دانیشتوان بۆ شارنشین و گوندنشین,پارێزگای سلێمانی,2009,لاپەرە 199.

# التوزيع البيئي للسكان في قظاء چم چماڵ

چراخان نصرالدين صاڵح
استاد مساعد
جامعة چه رموو
كلية الأدارة / قسم نفط و غاز

پ.د.جەزا تۆفیق تاڵب
بروفيسور
جامعة السليمانية
كلية العلوم الانسانية/ قسم الجغر افيا

١٤٤٣ هجري _ 2022 ميلادي

المستخلص :

من المؤكد ان البيئة السكانية لقضاء چم چمال قد تعرضت الى عدد من التغييرات,وعلى جميع المستويات (الجتماعية,سكانية,سياسية,اقتصادية,ثقافية...الخ),وظهرت هذه التغيرات بشكل اكثر و خصوصا في الفترة (1977-2009) ,ولاسيما مابين سكان المدينة و القرى المحيطه بها,والسبب يعود الى تكامل سكان المدينة و القرى,و اي تغير يحصل سيؤثر على عدد السكان و نسبتهم,وهذه التغيرات جاءت كنتيجة للبيئة المناخية و السياسية في منطقة الدراسة,و على وجه الخصوص عام 1988 ,بسبب التدمير الذي تعرضت له القرى,وادى ذلك الى عدد من النتائج ولاثار,ومنها تهجير المواطنين من قراهم الى المدينة و الوحدات الادارية في قضاء چم چمال والقضية المحيطة بها.